

# چ ڕەنگ و نەخشێک بۆ ملوانکەکانت هەڵدەبژێریت؟

ئێکسسوارەکان بەدوو لایەن جوانییان دەردەخەن، یەکەمیان نەخش و شێوازەکەی، دووەمیش ڕەنگەکەیەتی، هەردووکیان کاریگەرییان لە جوانی و ناسکی ئێکسسوارەکە دەبێت، بەتایبەت ملوانکە کە هەم ڕەنگ و هەمیش نەخشی بەرچاون، جگە لەوانە گرنگە ئەو ئێکسسوارە لەگەڵ ڕەنگ و دیزاینی جلت گونجاو بێت، ئەگینا جوانیت دەشێوێت. هەندێ لەو ئێکسسوارانەی کە لەگەڵ هەموو جۆرە نەخش و جلێکدا دەگونجێن، ئێکسسواری بەردینن، کە نەخشەکەیان لە بەرد دروستکراوە، زیاتر لە ڕەنگی شین و فەیروزی ڕەنگ کراون، ڕەنگی فەیروزی کە بە ڕەنگی شەزریش دەناسرێ، هەر بۆیە ئەو دوو ڕەنگە لەگەڵ جلوبەرگ و ڕەنگی ماکیاژ دەگونجێت. مارکەی (بولگەری – Bulgari) کە مارەکەیەکی جیهانییە و زۆربەی بەرهەمەکانی لە زێڕ و ئەڵماسن، بەڵام ئەمجارە ڕوویان لە دروستکردنی ملوانکەی یاقووت و بەردی کردووە، دوو ڕەنگی سەرەکیشیان بۆ داناوە کە شین و شەزرین، هەروەها شێوەی نەخشەکانیش زیاتر لە شێوەی دڵ، بۆ ڕازاندنەوەی نەخشەکە وردە بەردی بچووکیان بەکارهێناوە لەگەڵ بڕێك لە وردە شووشە تا بریقەداری بکات.



# شێوازە تازەکانی ئـ

ئەوانەی لە سەروبەندی ڕۆژی زەماوەندن، بە دوای ئارایشتێکی نایاب دەگەڕێن تا لەو ڕۆژەدا وەك شازادەیەك دەربکەون، ئەگەرچی سەدان جۆرە ئارایشتی قژی بووك هەن، بۆیە پێویستە یەکێك لەو ئارایشتانەی کە لەگەڵ شێوەی ڕوخسار و ڕەنگت شیکە، بۆ ڕۆژی ئاهەنگت هەڵبژێریت. پسپۆڕانی ئارایشت (ئۆسکاری دی لارنتا و مارشیسا) ئاماژە بە چەند ئارایشتێکی ئێستای خانمانی بووك دەکەن، کە ئەوانەن:

مارشیستا، مۆدێکی ناسکە و بەشی پێشەوەی سەر بەرەو لایەك دادەهێنرێت، لەگەڵ دانانی قردێلەیەکی قوماشی نەرم لە ناوەڕاستی پرچ تا ئەو بەشە پرچەی پێشەوەی ڕابگرێت.

نایم خان، مۆدێکی دیکەی ئارایشتی خاوی

# جوانی ڕەف و دەلاقە لە دیکۆریماڵەکەتدا

ئەگەر خواستت وایە دیکۆری ماڵەکەت بەرچاو و ڕازاوە بێت، هەروەها وا بکەی کاتێک دەستەخوشکان و هاوڕێیان و خزمانت سەردانت دەکەن، سەرەتا بڵێن دیکۆرەکەت ناوازەو ناسکە، دەتوانی چەندین گۆڕانکاری و کاری تازەی سادە لە بەشەکانی ماڵەکەتدا بکەیت، تا بەو ئاستە دەگەیت کە دیزاینی ماڵەکەت سەرنجڕاکێش بێت. دەتوانی لەوەوە دەست پێبکەیت کە بەشێکی زۆری دیکۆرەکەت بە ڕەف و دەلاقە دەوڵەمەند بکەیت. پێویستە ئەو ڕەف و دەلاقانە لەم شوێنانەوە دابنرێن:

تەنیشت پەنجەرەکان، کاتێک نیازت وایە ڕەف لە دیکۆری ماڵەکەتدا دابنێیت، دەکرێت لە تەنیشت پەنجەرەکانەوە بێت، هەروەها دەکرێت لە دیوار ببەسترێت، یان بە سەقفەوە هەڵواسرێت.

ژووری دانیشتن، هەولبدە ئەو ڕەفانەی بۆ کتێب و گوڵدان بەکاریان دەهێنێت، با لە ژووری دانیشتنت بن، چونکە میوان و خەڵکی دیکە کاتێک میوانت دەبن، لەوێوە چاویان بە ڕەف و دەلاقەکانت دەکەوێت.

دەلاقەی ژووری چێشت، بەهۆی ئەوەی زۆربەی ژووری چێشتی ئەو سەردەمە بچووکن، بۆیە باشترە لە جیاتی ڕەف، دەلاقەی بۆ دروست بکەیت، بەمەش دەتوانی زۆربەی کەل و پەلەکانت بخەیتە نێو دەلاقە.

ژووری نووستن، پێویستە ڕەف لە ژووری نوستن هەبێت، بۆ دانانی کەرەستە و کتێبی خوێندنەوە و ئامێرەکانی مۆبایل، وا چاکە لە تەنیشتێکی سیسەمەکەت بن، تا بە ئاسانی دەستت پێیان بگات.

## ئارایشتی قژی بووک

پرچی بووکە، کە بەشی پێشەوەی بە خاوی دەمێنێتەوە و دەکەوێتە سەر نێوچەوان.

جێنی پێکهام، بەشێکی زۆری ئەو ئارایشتە بە کەزی کردنە، دەتوانی پرچت بکەیتە دوو کەزیی گەورە، یان کەزییەک و بخرێتە سەر شان بۆ پێشەوە یان بۆ دواوە.

مۆنێک لۆلیا، شێوازی ئارایشتی کێکی، یان بازنەی خڕ لە ناوەڕاستی بەشی پشتەوەی سەر دادەنرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە بە خاوی دێتە خوارەوە. ساشین ئەند بەیبی، ئارایشتێکی ناوازە و ناسکە، لە ناوەڕاستی سەردا پرچ شەق دەکرێت و بە دوو تەلی گەورەیە دەخرێنە سەر گوێچکەکان بەرەو دواوە. ئۆسکار دی لارنتا، بۆ هەردوو پرچی خاو و لوول دەبێت، لەسەر شێوازی ئارایشتی کلکە ئەسپ دادەنرێت و بەشی پێشەوەی سەریش بە لووسی بەرەو دواوە دەبردرێت.



## سەیرترین دار مێو

هەموومان شێوەی دارمێو-مان بینیوە، کە بەسەر دار و باردا هەڵدەگڕێت، یان کەپری بۆ دەکرێت تا دارمێوەکە بەسەر کەپر و ستوونی ئاسنین و دار هەڵگەڕێت، تا لە داهاتوودا بتوانن بە ئاسانی وشوەترێیەکان لێ بکەنەوە، بەڵام ئەو دارە هاوشێوەی دارمێوەکانی دیکە نییە کە بەسەر شوێن و ستوودا هەڵبگەڕێت. ئەو دارمێوە ناوی (جابۆتیکابا)یە، بە دارمێوی بەڕازیلی ناسراوە، ساڵانە دوو بەروبووم دەگرێت، سەرەتای پێگەیشتنی وشوەترێیەکان کە ڕەنگیان سپییە، پاشان ڕەنگیان بۆ وەنەوشەیی


## باڵندەی مل شووتی

یەکێکە لە سەیرترین باڵندەکانی جیهان، کە مل و ژێر دەمی ئەوەندەی شووتییەکی گەورە دەبێت و دەکرێتەوە، ئەو باڵندەیە ناوی (Magnificent Frigatebird)، زیاتر لە وڵاتانی باشووری ئەمریکا و ئوستڕالیا و کەنەدا دەژی، سیفاتێکی سەیری هەیە لە کاتی فڕینیشدا دەتوانێت بخەوێت، دەشتوانێت بۆ ماوەی (٣) کیلۆمەتر بفڕێت بەبێ وەستان، کە چاوێکی دادەخات و چاوێکی دیکەی کراوە دەبێت، هاوشێوەی دولفین، بە نیو مێشك دەخەوێت و نیوەکەی دیکەی بە ئاگا دەبێت. بوونی ئەو تۆپەڵە گەورەی لە ملیدا، بە چەندین هۆکار بەکاردەهێنێت، کاتێك خواردنێکی زۆر دەخوات، لەو شوێنەدا هەڵیدەگرێت، یان کاتێك بۆ نمایشی خۆی لەبەردەم باڵندە مێینەکانی دیکەدا، تا خۆی بە جوانی نمایش بکات و سەرنجیان رابکێشێت، هەروەها وەك ئامرازێك بۆ یەکسانی جەستەیدا لە کاتی فڕیندا سوودی لێ وەردەگرێت، هاوشێوەی باڵۆنێکی هەوا کار دەکات و بەمەش دەتوانێت لە نێو ئاویشدا خۆی دەرباز بکات.



و شین و ڕەشی تۆخ دەگۆڕێت، ناوەوەی ئەو دارمێوە سپییە و تیرەی دەگاتە نێوان (٣ تا ٤) سەنتیمەتر، بڕێکی زۆر وشەترێ دەگرێت و بە تەنیشتی دارەکەوە دەڕوێت، نەوەك وەك وشەترێ بێتە خوارەوە، بەڵکو هەر دەنکە ترێیەك بەدارکەوە دەڕوێت. ئەو جۆرە ترێیە بە سادەیی دەخورێت و هەروەها سەرچاوەیەکە بۆ خواردنەوەکان، جگە لەوەی وەك چارەسەری سرووشتی و پزیشکی بەکاردەهێندرێت.








# دەستڕەنگینی لە دروستکردنی خشڵی کوردەواری

بەشێکی زۆری ئافرەتانی دەسترەنگیمان هەن، کە ڕۆژانە بە دەست و پەنجە ناسکەکانیان نەخش و دیزاینی چەندین خشل و ئێکسسواری هەمەچەشن دروست دەکەن، کە ئەو خشڵانەی خۆمانەی کوردەواری جوانتر و بە سەلیقەتر و ناوازەترن بەرامبەر بە ئێکسسواری بێگانە، یەکێك لەو ئافرەتە دەستڕەنگینانەی کە چەندین خشلی کوردەواری دروست کردوون، ناوی (شەرمن مەهدی نەقشبەندی)یە،ساڵانێکە خەریکی دروستکردن و ئامادەکردنی خشلی خۆمانەیە، بەرهەمەکانیشی بریتین لە: ملوانکە، بازن، گوارە، مێخەك، ئێلەگ، میدالیا، مرواری، کە زۆربەی دروستکراوی دەستی خۆیەتی، تا بەرهەمەکانی مۆرکێکی کوردەواری و نەخشی خۆمانەی پێوە دیار بێت، وەك خۆی دەڵێت: بەرهەمەکانم دروستکراوی خۆمە و زیاتر سوود لە بەردە گەوهەرەکان دەبینم بۆ پێکهاتەی کارەکانم، هەروەها دەرەخت و مووروو، بەرد و مێخەك یەکێکن لە کارەکانم، خشل و ئێکسسواری خۆمانە جیاوازی هەیە لەگەڵ بەرهەمی دەرەوە، ملوانکەم هەیە کە (١٠) ساڵ لەمەوبەر دروستکراوە و تا ئێستاش ماوە، لە کاتێکدا بەرهەمەکانی دەرەوە و بێگانە بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە و پاشان ڕەنگی کاڵ دەبێ، یان دەشکێت، کاتێك بەرهەمێکی خۆمان دروست دەکرێت، بە هەست و خواستی خۆمان و لێهاتووییمان کاری لەسەر دەکەین، هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمێکی ناوازەی لێی دەربچێت. دواترین کارەکانم بریتییە لە میدالیای نێرگز کە بە مرواوی ئامادەم کردووە، ناوازە و ناسکە لە جوانیدا، هەموو خانمان دەتوانن لە دەستیان بە جلەکانیانەوە بکەن. تا ئێستا لە (٤) نمایشی هاوبەش بەشداریم کردووە، بەرهەمەکانیشم جێگەی داواکاری خەڵکن و ڕۆژانەش خانمان سەردانم دەکەن بۆ داواکردنی بەرهەمێك، یان خشلێکی خۆمانە.





## پەنــد و وتە

مـارك تویـن، گـەورە نووسـەری ئەمریكی، كـە نـاوی ڕاسـتەقینەی (سـامویل لانگـۆم كلیمینـس) و بـە مـارك تویـن ناسـراوە، سـاڵی (١٨٣٥) لـە شـاری فلۆریـدای ئەمریكـی لەدایـك بـووە و لـە سـاڵی (١٩١٠) كۆچـی دوایـی كـردووە، لـە یەكێـك لـە وتەكانیدا ئاماژەی بـە تـرس كـردووەو گوتوویەتـی: ئـەو هەسـتەی لـە نێـو دڵ و مێشـكتدایە، كـە زۆر لێـی دەترسـیت و ناتوانیـت بیریشـی لـێ بكەیتـەوە، بـۆ جارێـك هەنگاوێـك بـەرەو ئـەو ترسـە بنـێ، ئیـدی هەمـوو ترسـەكانی دیكـەش لـە نێـو هەسـت و دەروونتـدا نامێنێـت، گرنگـە بڕیـار بدەیـت و دەسـت بـە هەنگاونـان بكەیـت.



## كورتە چیرۆك

مامۆسـتایەك بـە قوتابییەكانـی گـوت: بـۆ بەیانـی ڕقتـان لـە هەركەسـێك بـوو، نـاوی لەسـەر پەتاتەیـەك بنووسـن و بۆمـی بهێنـن، بـۆ سـبەی هـەر منداڵـەو چەندیـن دانـە پەتاتەیـان پـێ بـوو، هـەر پەتاتـەو نـاوی كەسـێكی لەسـەر نووسرابوو. پاشـان مامۆسـتا پێـی گوتـن: دەبێـت بۆمـاوەی یەك هەفتە بۆ هەركوێ ڕۆشتن ئەو پەتاتانەتان لە دەست بێـت، پـاش چەنـد ڕۆژێـك منداڵـەكان مانـدوو بـوون لـە هەڵگرتنـی پەتاتـەكان و بەتایبەتیـش هەندێكیـان بۆنێكـی ناخۆشـیان لێدەهـات، بـە مامۆسـتایان گـوت، بێـزار بوویـن لـەو بـۆن و هەڵگرتنـی ئـەو پەتاتانـە! مامۆسـتاش پێـی گوتـن: ڕق بوونـەوە لـە خەڵـك بـەو شـێوەیە تـا زیاتـر ڕقت لەخەڵك بێت، باری شانت گرانتر و قورستر دەبێت، هەندێ جار بۆنی پیسیشی لێدێت، بۆیە پێویستە ڕقمان بەرامبەر یەكتر نەبێت و هەمیشە یەكمان خۆش بوێت.

## فۆترگراف

(فیـل بۆرگیس)ـو لەدایكبـووی سـاڵی (١٩٤٢)ی ئەمریكایـە، یەكێـك لـەو فۆتۆگرافەرانـەی كـە هەمیشـە گرنگـی بـە ژیـان و هەسـتی مـرۆڤ دەدات، بەتایبـەت ئەوانـەی دوچـاری ناخۆشـی و نەهامەتـی دەبنـەوە. جگـە لـەوەی وێنەگـرە، هەروەهـا دەرهێنـەری فیلمـە و فیلمـی دیكۆمێنتـاری بەرهـەم دەهێنێـت، ئـەو وێنەیـەی بـە نـاوی (نەهامەتـی ژیانـی ئاوارەكان)ـە كـە تیایـدا دوو منداڵـی ئـاوارە وێنەیـان گیـراوە، گوزارشـت لـە خـەم و بـێ ئومێـدی و نەهامەتـی دەكات.






### كاوڕ

ئەركەكانت ماندووت دەكەن، بەڵام لە داهاتوون بەسوود دەبێـت بـۆت، بۆیـە خەمـی لـێ مەخـۆ و بـەردەوام بـە. كارێكی نوێت پێ ڕادەسپێرن، پێویسـتە بەباشی بیری لێ بكەیتـەوە و بەجوانـی لێـی ورد ببیتـەوە، هەوڵبدە لەگەڵ هاوڕێكەت پڕۆژەكەت بە زوویی جێبەجێ بكەیت ودوای نەخەیت، چونكە ئێستا كاتەكەی گونجاوە.



### گا

تەنیـا بیـر لە چارەسـەری گرفتەكانت مەكـەوە، بەڵكو دەسـت بـە چارەسـەرییەكانیش بكـە، لەلایـەن كەسـانی دەرەوەی خێزانەكەت پەیوەندییەكی نوێ لە ئاسـۆوە دیارە. ئەگەر خوازیاری پەیوەندییەكی ڕاستەقینەی، ئەوا ئێستا كات لەبارە لـە دەرگات دەدات، بـەڵام تـۆ نازانـی چـۆن دەرگای لێبكەیتەوە.



### جمك

ماوەیەكـە بێزاریـت پێـوە دیـارە و خەمێكـی قووڵیـش بێزارترت دەكات، بۆیە ئارام بگرە و چارەسەری نزیكە، بیر لـە داهاتـووت بكەوە، ئاگاداری باری هەستت بە، خۆت لـە زیـادە ناكۆكـی بـەدوور بگرە، لەبـواری سـۆزدارییەوە پێویستیت بەكەسێكە لە ژێر باڵەكانی بحەسێیتەوە و بەرەو ژیانێكی جێگیرت دەبات.



### قرژاڵ

كەسـێكی هەسـتت بەهێـزە و دەتوانـی لـە كەسـانی دەوروبـەر و بەرامبـەرت تێبگەیـت، كێشـە لەگـەڵ كـەس دروسـت مەكە، ئەگەر ڕوویدا پارێزگاری لە كەسـایەتیت بكە. هەستی شەشەمت بەكاربێنە بۆ ڕوانین لە دوارۆژت وبـێ بیركردنـەوە هەنگاوەكانـت جێبەجێ مەكـە، تۆ تەنیا كەسی كە بەتەواوی لە بەژەوەندیی خۆت تێیدەگەی.



### شێر

لـە پەیوەندییەكانـت لەگـەڵ كەسـانی دەورەبـەرت تووشـی هەندێ كاریگەری جۆراوجۆر بوویت، بەشـێكیان بەشـێوەیەكی نێگەتیڤانـە بەسـەرتدا دەشـكێتەوە، بـەڵام بەهـۆی بەهێزیت سـەركەوتن لێت نزیـك دەبێتەوە، بەهێزتر بە و ڕێگە مەدە كەسـانێك ژیانت تێبكدەن و ڕووبەڕوویان ببەوە.



### گوڵەگەنم

كەسـێكی نزیكت دژایەتیـت دەكات، بەمەش ماوەیەكە كێشـە لە نێوانتان دروسـت بووە، ڕێگەی چارەسـەر ئاسانە و تەنیا فەرامۆشـی بكە، هەندێك شـتت بۆ ڕوون دەبێتەوە كە ماوەیەكی زۆرە هۆشـی داگیركردووی ودەبێتە هۆی ئازارێكـی زۆر بـۆ باری دەروونیت كـە خۆزگە دەخوازی هەر تێنەگەیشتبای.




## دارستانی هەمیشە تەم و مژاوی

دارستانی زاپیرەین، یەکێکە لە دارستانە سەیرەکانی جیهان، کە هەمیشە تەم و مژە، دەکەوێتە ناوچەی ئۆریتازۆن لە هەرێمی باسکی باکووری وڵاتی ئیسپانیا، هەروەك وێنەگرێك بە ناوی (ئۆسکار باسکوی)، دیمەکانی ئەو دارستانە بێدەنگ و تەم و مژەی بینیوە، هەموو وەرزێکی ئەو دارستانە تەم و مژە، تەنانەت ئەگەر بچیتە ناوی (٥) مەتر پێش خۆت نابینیت، ئەو تەم و مژە وایکردووە کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و سامناکی هەبێت، هەروەها بێدەنگی و بوونی ئەو هەموو تەمە، وادەکات کە کەشێکی ڕۆمانسی هەبێت، تەنانەت دوای ئەوەی وێنەگرەکە سەردانی ئەو شوێنەی کردووە، هەموو مانگێك بۆ گۆڕانکاری و وێنەی تازەوە سەردانی دەکاتەوە.

## تابلۆ

یەکێکە لە بەرهەمە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی وێنەکێشی ئینگلیزی (جۆن ویلیام واتەرهاوس)، کە بە ستایلی پرریفالیات ناسراوە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ کاری وێنەکێشانی کردووە، لە دایکبووی ساڵی (١٨٤٩)ی شاری لەندەنی بەریتانییە، ئەو تابلۆیەی بە ناوی (خانمی کەنداوی شالۆت)ـە لە ساڵی (١٨٨٨) کێشاویەتی، وێنەکە بە پانی (٢) مەتر و بەرزی (١٥٣) سەنتیمەترە، لەسەر کانڤاس چێ کراوە و وێنەی زیتییە، بە تابلۆی مێژووی دادەنرێت، جۆن لە ساڵی (١٩١٧) کۆچی دوایی کردووە.





## کاریکاتێر

- ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، کەسانی دیکە دەخەنە مەترسی و دەیکەنە قوربانی لە پێناوی مانەوە و ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان، کەچی نازانن لە داهاتوودا ئەوانیش بە هەمان دەردی قوربانییەکە دەچن.



### گۆزە

ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە، با تووشی ئەو هەڵە گەورەیە نەبیتەوە کە پێشتر کردت. کەسێکی زیرەکی، بەڵام کارەکانت بە باشی ناکەیت. ئارامیی زیاتر بە خۆت ببخشە. هەندێك لە هاوڕێکانت سەرکەوتنەکانت دەسەلمێنن، لەبواری سۆزدارییەوە کات لەبارە بۆ پڕۆژەیەکی یەکتر ناسین.



### نەهەنگ

بڕیارێکی دروستت داوە تا ژیانت بەرەو گۆڕانکاری ببەیت، لەو پڕۆژەیەی کە ئەنجامەکەی لات دیار نەبوو، قازانجێکی باش دەکەیت، لەبواری سۆزدارییەوە لێمەگەڕێ غروور و لووتبەرزی راستییەکانت لێ بزر بکات، ئەگەر دڵت بۆ خۆشەویستەکەت بکەیتەوە، سوودمەند دەبیت.



### شایان

ماوەیەکە لەکەسانی دەورەبەرت تێنەگەیشتنی باشترت هەیە و بۆت دەرکەوتووە کە زۆربەی کێشەکانت لەگەڵ ئەوانەیە کە خۆیان لە تۆ بەرزتر دەبینن. کەمێك کاتت تەرخان بکە بۆ یارمەتیدانی یەکێ لەئەندامانی خێزانەکەت، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسانی غەریب ونەناس سوودی بۆت دەبێ، بەتایبەتی لەلایەنی رۆشنبیرییەوە.




### دووپشک

داهاتووت بەرەو باشی دەچێت و کەسایەتیت جێگیرە و مەهێڵە دەوروبەرت دەستکاری ژیانت بکەن، بەڵکو خۆت بۆ هەنگاوکانی داهاتوو ئامادە بکە. کات گونجاو نییە بۆ بڕیاردان، بۆیە پەلە مەکەو زیاتر لێکۆڵینەوە لەکێشەکان بکە تا چارەسەری باشیان بۆ دەدۆزیتەوە، چەند ساتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکەتدا بەسەردەبەیت.



### کەوان

کەسێکی دوودڵی لە هەڵبژاردنی ڕێگەی داهاتووت، هەوڵبدە دڵەڕاوکێت کەم بکەیتەوە کە ماوەیەکە بەسەرتدا زاڵە. ناخۆشییەك رووت تێدەکات، بەڵام کاریگەری خراپی لەسەرت نابێت، کات گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانت، خۆشەویستەکەت چاوەڕێی تۆیە پەیوەندی پێوە بکە.



### گیسک

کەسانێك هەن بە نهێنی چاودێریت دەکەن و لە هەڵەیەکی تۆ دەگەڕێن تا بیکەن بە کێشە بۆت، بۆیە ئاگاداری هەنگاوەکانت بە، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەگەشبینییەوە سەیری خۆشەویستەکەت بکە لەبەر ئەوەی خۆشەویستەکەت نییەتپاکیی خۆی پێ راگەیاندووی.